# کەرکوک و دەستورو سازش وگەندەڵی و تێکەڵەیەک

(بەشی یەکەم)

هێمن رەئوف
سویسرا
hemnrauf@hotmail.com

کەرکوک و کەرکوک ،،،،، ئای چیتان کرد پێش دەستور وهەڵبژاردن ،،، ئای چەند چەکێکی بەهێزتان بەدەستاوە بوو میللەتی پێ چەواشە بکەن ،،، با تۆزێ ڕستەی قەڵەو بە جۆشتان بی بهێنمەوە بەڵام حاشایان لێنەکەن . ( کەرکوک دڵی کوردستانە ) نا ( کەرکوک قودسی کوردستانە ) . ( کەرکوک خاکێکی دانەبڕاوی کوردستانە ) ( یا کەرکوک وخانەقین یا تاماوین ئەجەنگین) دوو وتارەکەی فەرهاد سەنگاوی (١) کە خوێنکار و قوتابی لە زانکۆکانیشەوە نارد بۆ هەڵبژاردن ، کۆکردنەوەی جەماوەر کە ڕۆژانە هۆڵو بارەگاکانیان کردبوویە مەزادخانەی قسەی نەستەقو درۆی ڕەنگاوڕەنگ ،،، کەرکوکو زۆرشتی ترو زۆر بەڵێنی تر و زۆر زۆر زۆر.... میللەتی داماویش لە خەووخەیاڵیاندا بەهەشتێکیان لەم کوردستانە دەخولْقاند . ئەوەندە بێزاری وبرسێتی وشەڕو خۆکوژییان بینی بوو، ئەوەندە تامەزرۆو شەیدای دیموکراتی وئازادی و وڵاتێک وئاڵایەک بوون، بە هەموو دوعایەکیان دەگوت ئامین.... ئەوەبوو دەنگی خەڵکتان بە دەستهێنا ، دەسەڵاتو پلەوپایە قەتارەی بەستووە ، ئەوەی پێتان خۆشە ئەوەن .

هەر لە سەرۆککۆمار وسەرۆکی هەرێم و سەرۆکێکی ترو هەندێ جێگر و کۆمەڵێ وە زیرو ئەوە باسی ئەندام پەرلەمان و بەڕیوەبەرو ئەو شتانە ناکەم کە بەپیاوەتی داوتانە بە پارتو لایەنە کانی تر،کەچی هێشتا کارەبا نیە لە کوردستان ، دایکان وخوشکانمان شەونخونی دەکەن بۆ ئاو ، شەقامەکان بە هەڵکەندراوی ماون ، پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان سست دەجوڵێن کورە هەر جوڵە ناکەن ، خواردن تان برِی سوتەمەنی تان نەهێشت ، تازە بە تازە تەقە لە هاوڵاتیان دەکەن ، بەرمیلێک نەوت بە هەرماڵێک ئەدەن هەفتەیەک لە ڕاگەیاندنەکانتانا دەیڵێینەوە ، لەکاتێکدا وڵاتێکمان هەیە لە سوتەمەنی ، گەندەڵی لەجەستەی هەموو دامو دەزگاکانتاندا بووە بە یەکەیەکی نەگۆڕ ،(لەسایەی ئێوەدا تائێستا نە منداڵ بە منداڵێتی نە گەنج بە گەنجێتی نە ژن بە ژنێتی نە پیاو بە پیاوێتی خۆیان دەژین )، مافی چۆنییەتی هیچ تاکێکتان نە پاراستووە ، ماوەیەک لەمەوپێش لە هەولێر دوو خوشکی برسی لە ماڵیکدا دۆزرانەوە کە چەند هەفتەیەک بوو نانیان نەخواردبوو ، ئێستایش منداڵان زۆرینەی فرۆشیارە گەڕۆکەکانن ، کەس لە سایەی ئێوەدا دەوڵەمەند نەبوو، هەژار هەرهەژارە ، ئەمانەو زۆرشتی تر کە ئەوەندە زۆرن هەر باس ناکرێن ، کە ئەوەندە خوارن ئەوەندە خراپن ئەوەندەبێ وەفان بۆشەهیدان، شورەییە ! بەڵام هەستی پێناکەن . بابپرسین ئاخر بۆ وادەکەن ؟؟؟

بۆئەوەی خەڵکی سەرقاڵ بکەن بەکێشە تاکەکەسیەکانو کێشە خێزانییەکانیان ، هەتا کاتیان نەبێت بیر لە رەخنە گرتن لە دەسەڵاتەکەتان بکەنەوە ، ئێوەیش تێرو تەسەل لەسەر برینی هاوڵاتیان درێژە بەدەسەڵاتتان بدەن ؟ یان هەر ئەوەندەتان لە باردایە و لە شوێنی شیاوی خۆتاندا نین؟ یان میللەت ئەوەندە بێئاگان و لە خەوێکی وەها قوڵدان شیاوی ئەوەن کە بەو جۆرە مامەڵە یان لە گەڵدا بکرێت ؟ مەخابن !!! خەریکە من و میللەتیش کەرکوکمان لەبیر دەچێتەوە.. بڕیار بوو کەرکوک جێی سازش و مشتو مڕ نە بێت ، کەچی دوا خرا بۆ دوای هەڵبژاردن (٢) ،( زروفێکی یەکجار ناسکە ، دەبی بە هۆشیاری مامەڵە بکەین)،ئینجا دەستور،، لە پێش دەستور. سەرکردەکان بە وشەی بەهێز وبەپێز و رەوان،کەرکوکیان خستەوە سەر کوردستان.(مام جالال بەڵگەی مێژوویی پێیە کە کەرکوک کوردستانە،دەبێ لە پێش دەستورکەرکوک بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان،،کاک ماسعودیش سازشو نکوڵی لە سەر کەرکوک نایەتە کردن مشتو مڕو موناقەشە لەوبارەیەوە نیە، شایەنی باسە چەند هێڵێکی سوریشی بۆ دانان(٣) ) ئەوە دەستوریش تەواو بوو ، کەرکوك هەر کوردستان نیە . بەڵگە مێژوویی و هێڵە سورەکان بەرەو کاڵ بوونەوە دەچن ..... لەبەر ئاڵۆزی بابەتەکە و کێشانی ئاوی زۆر ،لە چەند بەشێکدا ئەم بابەتە بڵاو دەکەمەوە ،چاوەڕێی بەشەکانی تر بن تکایە،

---

(١) فەرهاد سەنگاوی، کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕە ووتارەکانی هەڵقوڵاوی ناخی پڕ لە هەستی کوردایەتییە،بەبڕوای من پەشیمانەلەو بانگەشەیەی کە بۆ ئەو هەڵبژاردنانەی کرد،لە کاتێکدا دەبینێ لە سایەیدا ،نە کەرکوک لەباوەشی کوردستانە، نە ئاو وکارەباو سوتەمەنی یش بۆ هاوڵاتیانە، گەندەڵی سەروەرە لە حکومەت دا .

(٢) مەبەستم هەڵبژاردنەکانی کانونی دووەمی (٢٠٠٥) ە ،کەدەبولیە کەرکوک پێشتر چارەسەر بکرایە.

(٣) ئەوەی بەسور نوسراوە بەڵگە نەویستە و وتەی سەرکردەکانە و رۆژانە لە راگەیاندنەکانیانا بەرگوێ مان دەکەوت.